هەڵەبجە.. یەکەمین کۆنفرانسی هۆشیاریی هەڵبژاردن و راپرسی

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی
لە میانەی چالاکییەکانی هەڵمەتی ریفراندۆمدا،
کۆنفرانسی (هۆشیاری هەڵبژاردن و راپرسی) سازدەکات
بە میوانداری هەریەکە لە بەڕێزان

لەچوارچێوەی بانگەشەی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان بۆ بەشداریی لە راپرسی و هەڵبژاردنەکاندا، فەرمانگەی گشتی پارێزگای هەڵەبجەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان، یەکەمین کۆنفرانسی هوشیاری هەڵبژاردن و راپرسی لە هەڵەبجە رێکخست و بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی هەڵەبجەش رایدەگەیەنێت "لەماوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بۆ راپرسی دوو هەزار کەس ناوی خۆیان تۆمار کردووە". بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی هەڵەبجەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان، حەمەسەعید ئەحمەد لە لێدوانێکدا گوتی: دوێنێ یەکەمین چالاکیمان لەچوارچێوەی بانگەشەی هەڵمەتی هوشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لە هەرێمی کوردستان و لێرە لە هەڵەبجە دەستپێکرد، پشت بەخوا لە داهاتوودا زنجیرەیەک کۆنفرانس و دیداری تری تایبەت بە چین و توێژە جیاوازەکان لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە ئەنجام دەدەین ئومێدەوارین هەموو هاووڵاتییان هاوکارمان بن و بێن بەدەممانەوە، چونکە ئامانجمانە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و مامۆستایانی ئایینی و هاووڵاتییان و تەواوی دەنگدەران بتوانن بەئاسانی بەشداریی پرۆسەکانی دەنگدان و هەڵبژاردن بکەن و بزانن لە رۆژی دەنگداندا چی دەکەن، گرنگ نییە بەلامانەوە دەنگ بە کێ دەدات، گرنگ ئەوەیە برۆنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بوونی خۆیان بسەلمێنن. لە کۆنفرانسەکەدا وێرای پێشکەشکردنی چەند گوتەیەکی بەرپرسانی کۆمسیۆن لە هەڵەبجە، دوو تەوەرەی سەرەکی پێشکەشکران، کە تەوەرەی یەکەم لە لایەن سەرۆکی بەشی یاسای زانکۆی هەڵەبجە، هێمن عەبدوڵڵا پێشکەشکرا دەربارەی "هەڵبژاردن وەک بنەمایەک بۆ دیموکراسی" و تەوەرەی دووەمی کۆنفرانسەکەش لە لایەن مامۆستای جینۆساید و مافی مرۆڤی بەشی یاسای زانکۆی هەڵەبجە، ئاوارە حوسێن پێشکەش کرا بە ناونیشانی "مافی چارەی خۆنووسین لە یاسای نێودەوڵەتیدا" و دوای پێشکەشکردنی تەوەرەکانیش ئامادەبووان گفتوگۆی بابەتەکانیان کرد.

دەربارەی هۆکاری دەستپێکی چالاکییەکانی هەڵمەتەکەشیان لە زانکۆوە، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی هەڵەبجەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی گوتی: بەو پێیەی رێگەی مەعریفە و زانینی وڵاتان لە زانکۆکانەوە دەست پێ دەکات، ئێمەش پێمان خۆش بوو لە زانکۆ وەک رێگایەکی ئەکادیمی پرۆژەکەمان دەست پێ بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لە رێگەی قوتابیانی زانکۆ و مامۆستایانی ئایینیەوە کە بەشداری کۆنفرانسەکەن و کاریگەری گەورەیان لەسەر کۆمەڵگە هەیە کار بکەین، پاشانیش لەگەڵ رێکخراوەکان کاردەکەین و دواتریش لە رێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە درێژە بە چالاکییەکانمان دەدەین.

سەبارەت بە نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانیش حەمە سەعید ئەحمەد گوتی: ئەو بنکانەی کۆمسیۆن کە لە ئێستادا کراونەتەوە تایبەتن بە رێنماییکردنی هاووڵاتییان، سەبارەت بە بنکە و شوێنی دەنگدانیان کە رەنگە بەشێک لە هاووڵاتییان لە بیریان چوبێتەوە. لە ئێستادا ماوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران کۆتایی هاتووە و تا 28ی مانگی رابردوو بوو کە لەماوەی ئەو هەفتەیەی بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرابوو، نزیکەی دوو هەزار کەس ناوی خۆیان تۆمار کردووە کە بەشێکیان گواستنەوەی ناوەکانیان و بەشێکیان چاککردنی هەڵەی ناوەکانیان و بەشێکیشیان ئەو دەنگدەرانە بوون کە بۆ یەکەمجارە مافی دەنگدانیان هەیە چونکە خۆمان دەزانین لە 2014ـەوە کە هەڵبژاردن کراوە چوار نەوەی نوێ مافی دەنگدانیان بەدەست هێناوە، پێویستە تۆمار بکرێن.

هەنگاوە نوێیەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕووسیا هیچ لێدوانێکی نێگەتیڤی نەبووە لەسەر ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان

سێرگی لاڤرۆڤ گوتوویەتی کورد وەک هەموو نەتەوەکانی جیهان مافی خۆیانە ویستی نەتەوەیی خۆیان دەربڕن

لە سایتی دیفێنس ئەدڤایسەر، کە کەناڵێکی ئاراستەکراوە بۆ بەرپرسانی بەرگری و دیپلۆماسیی ئەمریکا، بابەتێکی نووسەر چیمەن ساڵح بڵاوبووەتەوە لەسەر هەنگاوە نوێیەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جموجووڵی هاتووچۆی سەرۆک و سەرکردە و فەرماندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ مۆسکۆ و مۆرکردنی چەندین گرێبەست و ڕێککەوتننامەی هاوبەشی ئەو لایەنانە لەگەڵ مۆسکۆ.

لە بابەتەکەدا، باس لە گرنگترین ئەو سەردانانە دەکرێ کە لە ماوەی دوو ساڵ کەمتردا بۆ ڕووسیا کراون، لەوانە سەردانی بنیامین ناتانیاهۆ لە 23ی ئابی 2017 بۆ لای ڤلادیمیر پوتین لە سۆچی کە چوارەمین سەردان بوو لە ماوەی شازدە مانگدا. هەرچەندە گفتوگۆکان زیاتر بە نهێنی مانەوە بەڵام باسی ئێران و حزبوڵڵا گرنگترین باسەکانیان بوو.

لە بابەتەدا هاتووە، کە نووسەرەکە لەسەرچاوەی ئاگادارەوە لە دیمەشق زانیویەتی کە ئێستا بارودۆخی دیمەشق بە شێوەیەکە لە دیمەشقی پایتەختی سووریا قسەی ئەفسەرێکی سەربازیی ڕووسی باشتر دەڕوا لە بەرپرسانی بڵندی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد، ئەمەش ئەو نرخەیە کە دەبێ ڕژێمی بەشار ئەسەد بیدات لە بەرامبەر پشتیوانی ڕووسیا بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا. هەروەها دەڵێ، ڕووسیا توانی تەنگژەی خۆی لەگەڵ تورکیا لەئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی بەر لە دووساڵ بە کۆتا بێنێت و تەنانەت وا بکات تورکیا لایەن بێت لە گفتوگۆکانی ئاستانە لەسەر چارەنووسی سووریا.

لە لایەکی دیکەوە و هەر لە چوارچێوەی ئاماژەکانی بەهێزبوونی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بابەتەکە ئاماژە بۆ سەردانی بەردەوامی بەرپرسە ئێرانییەکان دەکات بۆ مۆسکۆ و حەسەن روحانی سەرۆکی ئێران خۆیشی لە مانگی ئایاری ڕابردوودا سەردانی مۆسکۆی کرد و لەگەڵ ڤلادیمیر پووتین دیداری کرد، هەروەها بەرپرسانی دیکەی ئێرانی بە بەردەوامی سەردان دەکەن و لەسەرەتای ئابیشدا حوسێن جابری ئەنساری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی مۆسکۆی کرد. هەروەها ئاماژەی بۆ سەردانی فەرماندەی میلیشیاکان خەلیفە حەفتار سەرۆکی ناوبراو بە سوپای نیشتمانی لیبیای کردووە بۆ ڕووسیا کە لەراستیدا ئەو میوانێکی ئاسایی نەبووە کە بچێتە ڕووسیا، ئەو حەفتارە دژی ئەو حکومەتەی لیبیاشە کە نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتی دەکات. بابەتەکە ئاماژە بە پەرەسەندنی نوێی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕووسیا دەکات و دەڵێ، ڕووداوێکی گرنگ بوو کە لە پەراوێزی کۆڕبەندیی ئابوری سان پترسبووک لە مانگی حوزەیران کە کۆمپانیای گەورەی دەوڵەتیی ڕووسیا کە ڕۆسنەفتە ڕێککەوتننامەیەکی لە بواری نەوت و وزەو ئابووری و بازرگانیدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و ڤلادیمیر پوتین سەرۆکی ڕووسیا لە کۆڕبەندەکەدا دیداری نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی کرد و کرملن بە فەرمی سەردانەکەی ڕاگەیاند، ئەوە زۆر زیاتر بوو لە هاوکارییەکی مەعنەویی بۆ هەرێمەکە کە سێ ساڵ زیاتر بوو لەژێر باری قورسیی شەڕی داعش و تەنگژەی ئابووریدا بوو.

هەروەها ئاماژە بە هەڵوێستی حکومەتی ڕووسیا دەکات لەسەر ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان و دەڵێ ڕووسیا هیچ لێدوانێکی نێگەتیڤی نەبووە سێرگی لاڤرۆڤ لە وتەیەکدا ڕیفراندۆمی بە مافی گەلی کوردستان داناوە و وتوویشیەتی کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی جیهان مافی خۆیانە ویستی نەتەوەیی خۆیان دەربڕن و ڕیفراندۆمیش ڕێگایەکە بۆ ئەوە. لە کاتێکدا ڕێکس تیلەرسۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کاتی ڕیفراندۆمی بە نەگونجاو داناوە بە بێ ئەوەی کاتێکی دیکە پێشنیار بکات. هەروەها نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە تا ئێستا کورد هێندەی ئەمریکا متمانەیان بە هیچ هێزێک نەداوە و بە هاوپەیمان و دۆست و پارێزەری خۆیانی دەزانن چاوەڕێن ئەمریکا بەزوویی هەڵوێستی جیاوازتری هەبێ.. جگە لەوە ئاماژە بەوە دەدات کە لە بەرامبەر هەڵکشانی سیاسەتەکانی مۆسکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەتوانرێ سیاسەتی ئەمریکا بە سڕ بوو وەسفبکرێ بەتایبەتی ئەوەی لەسەردەمی باراک ئۆبامادا جێبەجێ کراوە ئەم بارودۆخەی ئێستای دروست کردووە، وەڵامی گۆڕانکاریش لەم بارودۆخەدا لە واشنتۆنە.

سەربەخۆیی کوردستان تاکە زامنی مانەوەو پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمانە

بەهرەوەر مەرزانی

لەوەتەی دروستبوونی دەوڵەتی بەزۆر داتاشراوی عێراق و لکاندنی باشووری کوردستان بەبێ ویستی گەلەکەی بەو وڵاتە سەقەتەوە گەلی کورد بەدرێژایی ئەو مێژووە پڕ لەنەهامەتی و ماڵوێرانییە لەخەبات و تێکۆشان و بەرخودان لەپێناو بەدیهێنانی سەربەخۆیی نەوەستاوەو لەقۆناغە سەخت و دژوارەکاندا رووبەڕووی رژێمە شۆڤێنییە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو وڵاتە بۆتەوە لەپێناو بەدیهێنانی مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیدا، هەر بۆیەشە رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هەرکاتێک هەستیان بەسەرکەوتنی شۆڕشەکانی گەلەکەمان و شکستی خۆیان کردبێت لەبەرامبەر ئیرادەی بەهێزو پۆڵاینی گەلەکەمان پەنایان بردۆتەبەر گفتوگۆو دانووستاندن و داوای ئاشتییان کردووە دواتریش بەسوود وەرگرتن لەئیرادەی ئاشتیخوازانەی گەلی کوردستان هێزەکانیان رێکخستۆتەوەو بەدڕندانەترین شێوە لەرێگەی زەبرو زەنگ و قڕکردن و ئاگرو ئاسن کەوتوونەتەوە وێزەی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی چۆک بەئیرادەی گەلەکەمان دابدەن. هەر لە بەعەرەبکردنی خاکی کوردستان و وێرانکردنی دێهاتەکان و ئەنفال و کیمیابارنکردن و جینۆسایدکردنی گەلەکەمان لەپێناو سڕینەوەی شوناسی نەتەوەییمان.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش گەلەکەمان هیچ کاتێک دەستبەرداری مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی نەبووەو سوور بووە لەسەر سەندنەوەی ئەو مافەی لەلایەن رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو وڵاتە لێی زەوتکراوە، لەو پێناوەشدا هەزاران لەسەرکردەو رۆڵە گیانفیداکانی کردۆتە قوربانی و رێگەیان بە رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقی عەرەبی نەداوە وەک دەسەڵاتێکی خۆسەپێن بەسەر خەڵکی کوردستاندا خەون و ویستی داگیرکارانەیان بهێننەدی و لاپەڕەی مێژووی میللەتەکەمانیان بەخوێنی ئاڵی خۆیان بۆ نەوەکانی داهاتوومان نووسیوەتەوە کە بێگومان ناوو گیانی بەرزەفڕی ئەو شەهیدە سەربەرزانە بوونەتە ئەستێرەی گەشی ئاسمانی خەباتی رزگاری نیشتمانی گەلەکەمان و بۆ هەتا هەتایە لەبیرو هزرو ناخی هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر هەر بەزیندوویی دەمێننەوە.

ئەمڕۆ لەکاتێکدا گەلەکەمان بە قۆناغێکی ناسک و هەستیاردا تێدەپەڕێت و خەریکە نەخشەی سیاسی ناوچەکە هەڵدەوەشێتەوەو سەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە دەرفەتێکی لەبار بۆ گەلەکەمان رەخساوە بۆ ئەوەی جارێکی تر مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی بەدەستبێنێتەوە کە نزیکەی سەد ساڵە لێی زەوتکراوەو بەبێ ویستی گەلەکەمان و لەپێناو بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان خاکی باشووری کوردستان بەدەوڵەتی بەزۆر داتاشراوی عێراقەوە لکێنراوە، لەم قۆناغەدا کەمیللەتەکەمان لەبەردەم ئاسۆیەکی رووندایەو بەسوود وەرگرتن لەو بارودۆخەی ناوچەکەی پێدا گوزەر دەکات و ئەو دەرفەتەی بۆ گەلەکەمان هاتۆتە پێشێ ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بەو هەموو نەهامەتی و ماڵوێرانی و داگیرکارییەی نزیکەی سەد ساڵی رابردوو بهێنین.

بۆیە ئەرکی هەموو تاکێکی کوردە بەهەستکردن بە بەرپرسیارێتی نیشتمانی و نەتەوەییەوە بەهەموو رەنگە جیاوازەکانەوە ناکۆکییەکانمان وەلا بنێین و هەوڵەکانمان یەکبخەین لەپێناو سەرخستنی ئیرادەی بەهێزی گەلەکەمان و25ی ئەیلول بکەینە رۆژی هەڵهاتنی خۆری رزگاری نیشتمان و بەدیهێنانی سەربەخۆیی یەکجارەکی کوردستان و بەدەنگی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەهەموو داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان بڵێین ئیتر سەردەمی داگیرکاریتان کۆتاییهات. چونکە سەربەخۆیی کوردستان تاکە زامنە بۆ پاراستی تەواوی دەسکەوتەکانی راپەڕین و شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی گەلی کوردستان و ئەو هەموو قوربانییە زۆرەی لەو پێناوەدا بەخشیویەتی، کە ئەمەش دەبێتە گەورەترین سەروەری بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان و مەزنترین وەفاداری بۆ خوێنی ئەو شەهیدانەی گیانی خۆیان لەپێناو رزگاری و سەربەخۆییدا بەخشی.

ئاژانسێکی ئیسرائیلی: ئێران پارەیەکی زۆری بۆ دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان تەرخان کردووە

ئاژانسێکی ئیسرائیلی ئاشکرای کرد، کۆماری ئیسلامیی ئێران پارەیەکی زۆری بۆ دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان تەرخان کردووە و لە ڕێگەی نوری مالکی سەرۆکی حزبی دەعوەی ئیسلامییەوە، پارە بە شاسوار عەبدولواحید گرووپی (نەخێر) دەدات.

ئەمڕۆ دووشەممە 2017/9/11 ئاژانسی (ئۆرشەلیم ئۆنلاین)ی ئیسرائیلی، وتارێکی بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا باس لە دژایەتیکردنی ئێران بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکات و ڕوونی کردووەتەوە: ”ئێران چەند بەکرێگیراوێکی هەیە کە لە عێراق و کوردستان کار بۆ دژایەتیی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن.“

نووسەرەکە لە زاری سەرچاوەیەکی ئێرانییەوە جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئێران پشتیوانی لە مالیکی دەکات، هەرچەندە هەموو جارێک بەڵگەی کۆنکریتی نییە ئەو شتانە بسەلمێنێت، بەڵام ئەگەر سەیری دۆخەکە بکەیت، وێنەکە بە ڕوو دەبینیت کە دوای ڕووخانی سەدام حوسێن، ئەو سەرکردە شیعییانە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی کراون و پێشتر ڕاهێنراون و فێرکراون و ئامادەکراون بۆ بەڕێوەبردنی کاریان لەژێر پرۆگرامێکی دیاریکراودا .“

باسیشی لەوە کردووە کە نووری مالیکی، سەرۆکی حزبی دەعوەی ئیسلامی لە عێراق، ئەو پارە و پشتیوانییەی ئێران بەکار دەهێنێت بۆ پشتیوانیکردنی هەندێک دەزگای میدیایی و ڕۆژنامەنووس بۆ دژایەتیکردنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان یەکێک لەوانەش شاسوار عەبدولواحید قادرە کە کەناڵی (NRT) و دەزگای میدیایی (نالیا)ی هەیە.

ئاژانسەکە لەسەر زاری سەرچاوەیەکەوە ئاشکرای کردووە: ”برای شاسوار عەبدولواحید، هاوبەشی سەرەکیی مالیکییە لە بازرگانیکردندا لە بەغدا. خوشکەکەشی کە ئەندامی پەرلەمانی عێراقە لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ مالیکیدا هەیە. جگە لەوەی ستافێکی دەزگای میدیایی (نالیا) ڕاستەوخۆ بۆ مالیکی کار دەکات و ڕاپۆرت و کارەکانیان لە دژی سەربەخۆیی کوردستان بە مالیکی دەگەیەنێت و دۆکیۆمێنتی ڕەسمی بڵاوبۆتەوە کە مالکی 87 ملۆن دۆلاری بۆ چافی لاند خەرج کردووە کە خاوەنەکەی شاسوارە..

لەبەشێکی تری ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە شاسوار عەبدولواحید لە چاوپێکەوتنی واشنتۆن پۆستدا وتبووی کە دەبیت ئەمریکاو تورکیاو ئیران و عێراق رازیبن بە ریفراندۆم ئەگەر نا تورکیا بۆری گواستنەوەی نەوتی هەریم رادە گرێت و دەرگا دادەخات وە رەنگە ئیران و تورکیا هەریەکەیان لایەنگری بەشێکی پێشمەرگە بکەن و ببێتە شەری ناوخۆ، بەڵام نوسەر دەڵێت ئەو قسانەی شاسوار بەتاڵ بوونەوە چونکە وەزیری دەرەوەی تورکیا مەولود چاوش ئۆغلۆ رایگەیاند ریفراندۆم کارناکاتە سەر پەیوەندییە بازگانی و ئابورییەکانیان و دەرگای بازرگانی بەسەر هەریمدا داناخەن، دەربارەی هێزی پێشمەرگەش لە ئیستادا لەژێر بەرنامەی چاکسازی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەمریکاو ئەڵمانیا و بەریتانیا هاوکاری وەزارەتی پێشمەرگە دەکەن تاببێتە هێزیکی یەکگرتوو کاریگەر.

هەر لە وتارەکەدا باس لە شکستی ڕۆژی شەممەی شاسوار عبدولواحید کراوەو دەڵیت: ”شاسوار عەبدولواحید باس لەوە دەکات خەڵکێکی زۆر بە (نەخێر) لە ریفراندۆمدا دەنگ دەدەن، بەڵام کاتێک بۆ کەرنەڤاڵەی خەڵکێکی بۆ سلێمانی بانگهێشت کرد، زۆربەی کورسییەکان بەتاڵ بوون، هەندێک لەو کەسانەی چووبوونە یاریگاکە، بۆ بەشداریکردن بوو لە ئاهەنگی کردنەوەی یاریگای سلێمانی، نەک بۆ گوێگرتن لە شاسوار عەبدولواحید .“ئەوەش باس کراوە کە شاسوار عەبدولواحید، چەند ڕۆژنامەنووسێکی خۆی دەرکردووە، لەبەر ئەوەی پشتیوانیی سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە، چەند ڕۆژنامەنووسێکی دیکەش وازیان لە کەناڵەکە هێناوە، چونکە ئەوانیش پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان بوون.

نووسەرەکەی (جۆرشەلیم ئۆنلاین) دەڵێت: ”ئەوە بەڵگەیەکی ڕوونە کە پشتیوانیی ئێران بۆ شاسوار عەبدولواحید، سەرچاوەی دژایەتیکردنیەتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان. پێش ئەوەی مالیکی بێتە سەر دەسەڵات، شاسوار عەبدولواحید بزنسمانێکی بچووک بوو. وەکوو منداڵێک لە کەبابخانەکەی باوکیدا کاری دەکرد و دووکانێکی بچووکی هەبوو کە خەڵکی تێیدا یارییان دەکرد، لە 2005 کە زانکۆی تەواو کرد، کاری لە بواری کۆمپانیایەکی ئاوەدانکردنەوەدا دەکرد بۆ ماوەی ساڵێک. پاشان وەک بەڵێندەری بیناسازی کاری دەکرد. ساڵێک دواتر کە مالیکی چووە سەر دەسەڵات، کۆمپانیای (نالیا)ی تایبەت بە بیناسازی دامەزراندن .“جەختیشی لەوە کردووەتەوە کە شاسوار عەبدولواحید بانگەشەی ئەوە دەکات، ئەو سامانانەی بە دەستی هێناوە، بە ماندووبوون و ڕەنجی خۆی بەدەستی هێناوە، بەڵام ”هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن، ئەو پارەیەی لە مالیکی وەری گرت، وایکرد ببێتە خاوەنی ئەو پرۆژانە. لە ساڵی 2011ش کە چەند ساڵێک دوای ئەو بابەتە بوو، کەناڵی (NRT) دامەزراند کە ئێستا بۆ دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان بەکاری دەهێنێت .“